ئەم جلانەم ببەن بۆ ئەبی جەهم، وجلە ئاساییەکانی ئەبی جەهمم بۆ بهێنن؛ چونکە ئەمە سەرقاڵی کردم لە کاتی نوێژەکەمەدا

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نوێژی کرد لە جلێکدا کە هێڵی ڕەنگاوڕەنگی تێدا بوو، بۆ ساتێکی کەم سەیرێکی هێڵە ڕەنگاوڕەنگەکانی کرد، کاتێک نوێژەکەی تەواوکرد، فەرمووی: «ئەم جلانەم ببەن بۆ ئەبی جەهم، وجلە ئاساییەکانی ئەبی جەهمم بۆ بهێنن؛ چونکە ئەمە سەرقاڵی کردم لە کاتی نوێژەکەمەدا»، ولە گێڕانەوەیەکدا: «سەیری هێڵە -ڕەنگاوڕەنگەکانم- دەکرد کاتێک لە ناو نوێژ بووم؛ ترسام لەوەی سەرقاڵم بکات».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەبی جەهم جلێکی وەکو دیاری دا بە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کە هێڵی ڕەنگاوڕەنگی تێدا بوو، ولە ڕەوشت جوانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەوە بوو کە دیاری قبوڵ دەکرد؛ ئەمیش بۆئەوەی دڵی ئەو کەسە نەشکێت کە دیاریەکە دەبەخشێت ودڵتەنگ نەبێت، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دیاریەکەی قبوڵ کرد، ونوێژی پێوە ئەنجامدا، چونکە هێڵی ڕەنگاوڕەنگی تێدا بوو، چونکە چاوەکان سەیری دەکەن وسەرنج ڕادەکێشن؛ ئەمیش بەهۆی ئەوەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سەرقاڵ بێت وبە کاملّی بیری لە لای نوێژەکەی نەبێت، بۆیە فەرمانی پێیانکرد کە دیاریەکە بگەڕێننەوە بۆ ئەبی جەهم. و بۆئەوەی دڵی ئەبی جەهم نەشکێت وشتێکی تێدا نەبێت بەهۆی ڕەتدانەوەی دیاریەکە ودڵنیا بێت، فەرمانی پێیانکرد بەوەی جلێکی ئاسایی لە لای ئەبی جەهم بهێنن کە هێڵی ڕەنگاوڕەنگی تێدا نەبێت لە شوێنی ئەو دیاریەی -جلەی- ئەبی جەهم لە سەرەتادا وەکو دیاری پێیدا.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10882